## ئاگاداری بۆ خاوەن گۆڤار و بەرپرسانی ناوەندە زانستییەکان لە هەموو بەشەکانی کوردستان




لە ناو هەزار میلیارد ماڵپەڕ و ٣٠ میلیارد گۆڤار و ڕۆژنامەی سەر ئینترنێت، ژمارەی سەرجەم گۆڤاری هزریی، زانستی، هونەریی و ئەدەبی بە زمانی کوردی (هەموو زاراوەکان) ناگاتە بیست! تیراژ و ژمارەی هێندێک لەو گۆڤارانە بۆ نەتەوەیەکی سەرووی ٥٠ ملیۆن کەمتر لە ٣٠٠ دانەیە! بە پێچەوانە، بێژمار مێدیای دەنگ و ڕەنگی دارزێنەر و وێرانکەری مێشک و دەروون، لە پاڵ سۆسیال مێدیا، ئەپ و پرۆگرامی سەر تەلەفوون، مرۆڤی کورد لە بازنەی تەسک بینینی و تەسک تێگەیشتندا دەهێڵنەوە. ئەو ماڵپەڕ و ناوەند و گۆڤارانەش کە حەولی بەخشینی زانیاریی و تێگەیشتن دەدەن، لە ناو ئینترنێت وون دەبن و نادۆزرێنەوە.

ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان بەمزووانە گۆشەیەکی تایبەت بۆ گۆڤار، نمازە گۆڤاری بابەتیانە، هزریی، فەلسەفی، کۆمەڵایەتی، زانستی، هونەریی، سیاسی، مێژووی و هتد بە زمانی کوردی (هەموو زاراوەکان) و زمانی بیانی(ئینگلیسی، ئاڵمانی، فارانسی، ئیتالی، ڕووسی، ئیسپانی و...) تەرخان دەکات. هەموو خاوەن گۆڤار، ناوەند و زانستگاکان دەتوانن زانیاریی سەبارەت بە گۆڤار و ناوەند و کاروچالاکییان و ئادرەسی ماڵپەڕ، وێبلاگ و لینکی گۆڤار و کارەکانیان بۆ ئادرەسی ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات بنێرن، هەتا لە گۆشەی تایبەت بە خۆیاندا بە بێ دەست تێوەردانی ناوەرۆک بکەوێتە بەر دەستی خوێنەران و کڕیاران.

بۆ ئاگاداری خوێنەران، ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان کۆنترین ماڵپەڕی کوردی زمانە کە زیاتر لە ٢٥ ساڵ کاری بەردەوامی هەیە و یەکێک لە پڕ خوێنەرترین ماڵپەڕ و پڕ زانیاریترین چاپەمەنییە دەورەییەکان بە زمانی کوردی بووە و هەیە کە بە تایبەت لە

لایەن خوێندکارانی کورد لە دەرەوە و ناوخۆ بۆ نووسینی بابەت لە فێرگە و زانستگا وەک سەرچاوە کەڵکی لێوەردەگیرێ  یان بۆ وەرگرتنی زانیاریی زۆرتر پێوەندی بە نووسەران و بەرپرسانیەوە دەکرێ.

ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات- بۆکان        دیسامبری ٢٠٢٣

www.rojhalat.de  /  www.bokan.de  -  redaktion@rojhalat.de